کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:13 29-1-2007

# زانکۆ . لە گەندەڵی سیستەمی خوێندنەوە بۆ گەندەڵکردنی قوتابی ... سەنگەر زراری

sangarz81@yahoo. com



زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێم هەموو ساڵێك نزیكەی مانگێك بەسەر بوونەوەی زانكۆدا تێپەڕدەبێ، ئینجا قوتابیانی زانكۆ دەچن بۆ دەوام، واتا بەبێ هۆ ماوەی مانگێك لە دەوامكردن دوادەكەون، ئەمە لەكاتێكدا كە دەكری لە ماوەی مانگێكدا زۆر شت بخوێنری و گفتوگۆ دەربارەی زۆر شت بكرێت لەلایەن قوتابیانی زانكۆ، ئەویش بەو پێیەی كە ئەم چینە داینەمۆی زانست و مەعریفەن لەهەر كۆمەڵگایەكدا.

لەلایەكی تر لەكاتی دەوامكردنیشدا خۆشترین شت لای قوتابیان (لێدانە)، واتا ئەو كاتەی قوتابیانی پۆلێك، قۆناغێك، بەشێك. . . بەیەكەوە ڕێكدەكەون لەسەر ئەوەی نەچن بۆ موحازەرەو وانە نەخوێنن، ئەو كەسەشی حەزی لە (خوێندنی وانە) بێت و قبوڵ نەكات كە نەچێتە ژوورەوە، واتا بچێت وانەكەی بخوێنێت و گوی لە مامۆستا بگری، بە ترسنۆك و بێهەڵوێست ناوزەدی دەكەن، لێرەدا ئەو پرسیارەی دێتە پێش ئەوەیە كە ئایا هۆكاری ئەم خەمساردییەی قوتابیانی زانكۆ چییە؟ چ شتێكە وا دەكات كە قوتابیانی زانكۆ دەوامكردن بەهەند وەرنەگرن و گاڵتەیان بەو مەنهەجەبێت كە دەیخوێنن، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ئەگەر قوتابییەك ئیلتیزام بە دەوام بكات و وانەكانی بەتەواوی بخوێنێت، لەلایەن برادەرەكانییەوە گاڵتەی پێبكرێت و بە (نەزانی) دابنێن؟! چ شتێكە وا دەكات كە زانكۆ ئەوەندە بێبایەخ بێت؟ چونكە ئەگەر ئەم كردەوانە مانایەكیان هەبێت ئەوە مانای ئەوەیە كە قوتابیان هیچ ئیعتیبارێك بۆ زانكۆ دانانێن و لەلایان بێبایەخە. لەكاتێكدا كە زانكۆ شوێنی بەرهەمهێنان و دروستكردنی نەوەی نوێیە. شوێنی داهێنان و دۆزینەوەی زانستییە، شوێنی لێكۆڵینەوەیە لە دیاردە كۆمەڵایەتییەكان و دەستنیشانكردنی كێشەو چارەسەرییەكان. بەڵام ئایا تا چەند ئەم خەسڵەتانە لە زانكۆكانی كوردستاندا هەن، تاچەند زانكۆكانی كوردستان توانیویانە لێكۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدەن و دۆزینەوەیەكی زانستی بكەن، تا چەند توانیویانە لێكۆڵینەوە لەو دیاردانە بكەن كە لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا هەن و بابەتی زۆر بە پێزن بۆ لێكۆڵینەوە، بە جۆرێك كە توێژەرو ڕۆژنامەنووسانی بیانی لە وڵاتانی جیهانەوە دێن بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەو نووسینی ڕیپۆرتاژ دەربارەی ئەم كۆمەڵگایە.

بێگومان خودی وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆخۆی پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زانكۆیی هەیە و بە سادەیی وەڵام نادرێنەوە، بۆیە ئەوەی لەم نووسینەدا دەخرێتەڕوو، تەنها سەرنجێكی گشتییە لەو دۆخەی كە دەیبینین.

هەڵبەت لە كوردستاندا لەسەر هەموو ئاستێك باسی گەندەڵی دەكرێت، گومانی تێدانییە كە زانكۆش پشكی لەو گەندەڵییەدا هەیەو بەتێڕوانینی من ئەگەر گەندەڵی بۆ هەر شوێنێك كارەسات بێت، ئەوا بۆ

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زانکۆ کارەساتێکی زۆر گەورەترە، چونکە زانکۆ ئەو شوێنەیە کە نەک نابی گەندەڵی تێدا هەبی، بەڵکو زانکۆ دەبی گەندەڵی هەموو کایەکانی دیکەش دیاری بکات و پەنجە بخاتە سەر کەموکوڕییەکان و لێکۆڵینەوەیان دەربارە بکات، چارەسەری پێویستیان بۆ دەسنیشان بکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکری نەک هەر هەوڵی لەو جۆرە نادرێت، بەڵکو بێدەنگییەکی ترسناکیش هەیە، هەم لە ئاست ئەو گەندەڵییەی کە لەلایەن مامۆستاو بەرپرسانی زانکۆوە دەکرێت و هەم لە ئاست ئەو خەمساردی و ئیهمالییەی کە لە لایەن قوتابیانەوە بەدی دەکرێت، ئەمەش لە دەرئەنجامدا پەلکێشکردنی قوتابی و خوێندکارانە بۆ ناو سیستەمێکی گەندەڵی.

ئەو بەرپرسانەی کە زانکۆیان لە ژێر دەستدایە چەندە لە گەندەڵی ئیداری و ماڵی بەرپرسیارن، هێندەش لە گەندەڵکردنی قوتابی بەرپرسیارن، ئەگەر ماوەیەك باس لەوە دەکرا کە قوتابیان ئومێدی دوا رۆژن و گۆڕانکاری دروست دەکەن، ئەگەر ماوەیەك قوتابیان پێشەنگی خۆپیشاندان و داواکارییەکان بوون، ئەوا من لە ئێستادا گومان دەکەم لەوەی کە هەمان گوڕوتینیان مابێت، ئەویش نەك لەبەر بێتوانایی ئەم توێژە، بەڵکو لەبەر خەمساردی و لەبەرئەوەی کە چەندین بەڵێن بە قوتابیان دراو جێبەجێ نەکرا، چەند خۆپیشاندانیان کرد ئەوەندە جارەش بە گێرەشێوێن و بە دەستی دەرەکی و بەتێکدەر وەسف کران، چەندە هاواریانکرد کە لە بەشە ناوخۆییەکاندا نەوت و ئاو و کارەبامان نییە، ئەوەندەش بە قسەی خۆش رازی کران و بەڵێنیان پێدراو دواتر بەڵێنەکان جێبەجێ نەکران، ئەمەش دەتوانم بڵێم وای لە تێکڕای قوتابیان کردووە کە ئەوەی بیری لێنەکەنەوە زانست و داهێنان بێت (بە چاوپۆشی لە هەندی هەوڵێ بچووکی تاکە کەسانە کە ئەویش بە هاندانی زانکۆ نەبووە بەڵکو کەسەکان خۆیان هەوڵیانداوە) دەنا بەشێوەیەکی گشتی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆن تەنها بیریان لە لای بەدەستهێنانی ئەو پارچە کاغەزەیە کە پێی دەڵێن "بڕوانامە"، نەك بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، تەنانەت با ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئەو خۆپیشاندانە گەورانەی لەلایان قوتابیان و خوێندکارانەوە ئەنجامدراوە، هیچیان لە پێناو زانست نەبووە بەو مانایەی کە قوتابیان داوای ئەوەیان کردبێت ئامێری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویان بۆ بێت بۆ لێکۆڵینەوە، یان داوای ئەوەیان کردبێت کە مامۆستای پسپۆریان بۆ بێت لە وڵاتانەوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرن، یان داوایان کردبێت بۆ گەشتی زانستی بنێردرێنە دەرەوەی وڵات، تەنانەت ئەو مامۆستاو پسپۆرە کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵات خۆیان بۆ ئەوە دێنەوە لە زانکۆکانی ئێرەدا وانە بڵێنەوە و خزمەت بکەن، ئەگەر واستەیان نەبێت، بە جۆرێك فەرامۆش دەکرێن کە هەر زوو رابکەنەوە دەرەوەو وای لێدێت سەفەرەکانیشیان بۆ کوردستان کەم کەنەوە.

ئەم خەمساردییەی قوتابیانیش لەبەر ئەوە نییە کە گەنج و خوێندکارەکان لە بنەڕەتەوە وابن و بیر لە هیچ جیدییەتێك نەکەنەوە، بەڵکو ئەو کایەی ئەوانی لەبەردەستدایە و ئەرکی پەروەردەکردنی ئەوانی لە ئەستۆدایە وایان لێدەکات کە بەم شێوەیە بن.

ئاخر کە قوتابی لە بەشی ناوخۆییدا ئاوی نەبێت خۆی پێ بشوات و بیخواتەوە، سووتەمەنی نەبێت تا بەهۆیەوە خواردنێك ئامادە بکات، کە گڵۆبێك نەبێت بە دیارییەوە وانە بخوێنی، ئیتر کەی کاتی ئەوەی دەبێت بیر لە خراپی مەنهەج و خراپی مامۆستاو زانست و زانیاری بکاتەوە.

بینین و تێبینیکردنی ئەم دۆخە بەگشتی وایانکرد کە قوتابیان نەك هەر ساردبنەوە و خەمسارد بن، بەڵکو وای لێکردن گاڵتەیان بە هەموو شتێك بێت، چەندجار کۆنفرانس و کۆبوونەوە دەکرێت سەبارەت بە رەوشی خوێندن و سیستەمی خوێندن و پرۆگرامی خوێندن، دوای کۆنگرەکەش کۆمەڵی راسپاردە دەردەچن، کۆمەڵی بەڵێن دەدرێن بەبی ئەوەی جێبەجی بکرێن (برادەرێکم کە خەڵکی رۆژهەڵاتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستانە پێی گوتم: ئێمە بۆیە هاتین بۆئێرە-باشووری کوردستان، چونکە بەرلەوەی بێین، لای خۆمان _مەبەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو_زۆر باسی زانکۆکانی ئێرەیان دەکردو دەیانگوت کەسیستەمێکی پێشکەوتووی خوێندنی هەیە، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو، چونکە ئەو شتانەی لێرە لە زانکۆ دەخوێندرێن، ئێمە هەندێکیان لە قۆناغەکانی بەر لەزانکۆ دەیانخوێنین) .

لەلایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو هەموو باسکردنەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی، هێشتا ئەو پەیوەندیەی لە نێوان قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆدا هەیە بە شکڵی ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان مامۆستاو قوتابیانی سەرەتاییدا هەیە و هەندێجار و لای هەندی مامۆستا دەگاتە ئاستی پەیوەندییەکی سەربازییانە، ئەو مامۆستایانەش کە پەیوەندیان لەگەڵ قوتابیاندا پەیوەندییەکی (مامۆستا-قوتابی+برادەرانە) یە _کە ئەمە پەیوەندیەکی تەندروستە_ لە لایەن مامۆستاکانی ترەوە سەر کۆنە دەکرێن و هەندێجار گاڵتەیان پی دەکرێت و بە هاندانی قوتابی بۆ گێرە شێوێنی ناو دەبرێن، دەی باشە ئەگەر قوتابی لەناو ئەم جۆرە دۆخەدابێت، لە داهاتوودا چۆن کەسێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت.
ئایا ئەو قوتابیانەی ئەمڕۆ ناچارن لەپێناو ژیانی خۆیاندا بڕژێنە سەر جادەکان و لەوێش یان بەقسەی خۆش دەنێردرێنەوە یان بە هەڕەشەی پۆلیس پەرشوبڵاو دەکرێن و بە گێرەشێوێن ناو دەبرێن. چ زەمانەتێك هەیە کە ئەوانیش بەیانی بە هەمان لۆژیك کار ناکەن و نەوەی دوای خۆیان بەر زللە نادەن؟! ئایا ئەگەر ئەوانیش گەیشتنە سەر کورسی پشت مێزەکە و بەشێوەیەکی دەسەڵاتخوازانە کاریان کرد، تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان؟ بێگومان لەمەدا خۆی بێتاوان دەرناچن، چونکە
مرۆڤ دەتوانی بیرکردنەوەی تاکییانەی خۆی بخاتەگەڕو زۆرێك لە دیاردەکان (بە باش و خراپییەوە) لە خودی خۆیدا ڕەت بکاتەوە یان بیانگۆڕی، بۆیەش دەتوانی بیرکردنەوەی ناتەندروست واز لێ بێنی و بیانگۆڕی بە بیرکردنەوەی باش، بەڵام تاوانی یەکەم و سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەلتوور و ئەو مامۆستا و ئەو دۆخەی کە تیایدا پەروەردە بووە، چونکە ڕاستە مرۆڤ ئیرادەی ئەوەی هەیە کە خۆی بگۆڕێت، بەڵام ئایا هەموو کەسێك ئەو ئیرادەیە بەکاردەهێنێت و خۆی دەگۆڕێت، یان ئەگەر هەندێکیشیان خۆیان گۆڕی و زۆرینە وەکو خۆیان ماناوە، ئەمە چ سوودێکی دەبێت؟ بێگومان هەموو کەسێك هەوڵی ئەم خۆگۆڕینە نادات، ئەمەش لەبەرئەوەنا کە نەیەوێت هەڵەکانی چاك بکاتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر لەبنەڕەتەوە وانازانی هەڵەیە و دان بەوەدا نانێت کە هەڵەیە. دان نەنان بە هەڵە، یان هەمیشە خۆبەڕاست زانین، لەدەرەنجامدا کۆمەڵگایەك دروست دەکات کە تاکەکانی هەست بە کەموکوڕییەکانی خۆیان ناکەن، هەمیشە وا هەست دەکەن کە ئەوان لەسەر حەقن، کە هەستیشیان بە هەڵەو کەموکوڕی نەکرد هەوڵی خۆچاککردن نادەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.